KCCRC

Islamic Studies

# تەسەووف و کاروباری کۆمەڵگەیی



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٠٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# تەسەووف و کاروباری کۆمەڵگەیی

زیرەك ئەحمەد رەحمان

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٠٦

Kurdistan conflict and Crisis Research Center


مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©



www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1



نیسانی ٢٠٢٠

# تەسەووف و کاروباری کۆمەڵگەیی

زیرەك ئەحمەد رەحمان

## پێشەکی

کۆڵینەوە لە هەر بابەتێک کە توخنی ژین و دینی گشتیی کۆمەڵگە بکەوێت، پێویستە بە وردییەوە سەری بنەوانی بکرێت، بە تایبەت قۆناغی داکوتانی ڕەگی لەناو دینی گشتی. دیارە لەناو دینیش لەم ناوچەیە کە زۆرینەی موسڵمانە، ئەڵبەت یەک ڕوانگە و ڕوانین نییە بۆ ئیسلامەتی. بەڵکو جۆرێک فرە مەزهەبی و ئاراستەی جیاجیا دەگرێتەخۆ.

ئەم بابەتە گوزارشتە لە بابەتێک لە بارەی تەسەووف و سۆفیگەریی لە کۆمەڵگەی کوردی، و گەشەسەندنی ئەهلی تەریقەت لەم ناوچەیە. ئینجا ڕۆڵی ئەم تەریقەتە و شوێنە پەرستشەکانیان، بە تایبەت تەکییەکان کە ناویان لکاوە بە تەریقەتی قادری و ڕیفاعی، و خانەقاکان کە تایبەتن بە تەریقەتی نەقشبەندی. هەر لە باسکردنی ڕۆڵی ئیداری و دەروونی و چاکسازیی کۆمەڵگەیی و خانەیی... هتد.

## ئاوڕێکی مێژوویی

ئەڵبەت کە دەڵێین تەسەووف؛ مەبەستمان لەو دەستەواژە ئیسلامییەیە (تزكية النفس) پاککردنەوەی دەروون، وەک هەڵێنجانێک لە مەقامی ئیحسان خوا بپەرستی وەک ئەوەی ببینی، گەر تۆش نەبینی خۆ ئۆ دەبینێ(١). هەروەها ئاماژە بەم ئایەتەی قورئان «يتلو عليهم ءاياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة»(٢). بەو شێوەی کە خودی کەسایەتی پێغەمبەر محەمەد (د.خ.) بەو کارە عیرفانییە هەڵدەستا تا کۆتایی ژیانی لەسەر زەمین، بە گوێرەی تێگەیشتنی سۆفیانە بۆ ئەم ئایەتە، وەک چۆن تەواوی دینداریيان ڕاستەوخۆ لەو مامۆستایەیان وەردەگرت.

بەڵام دوابەدوای تێپەڕینی نەوە دوای نەوەی ئیسلامەتی و کرانەوە بەڕووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئیتر ئەم فێرکارییە دینیانە هەریەکەیان بوونە پسپۆڕییەک لەناو خودی ئیسلامەتی؛ عەقیدە و ئیمان و کەلام و فیقه و حەدیس و سیرە و مێژوو و زمانەوانی و ڕێساکانی .... هتد، هەریەک لەمانەش کۆمەڵێک بناغە و زاراوە و کاروباری تایبەت بە خۆی هەبوو. بەم جۆرە چەندان قوتابخانە و زانستی جیاجیا کەوتنەوە. ئیتر گەرچی سەرەتایە کۆنکرێتییەکەشی بە وردی دەستنیشان نەکرێت، بەڵام ئیتر تەسەووفیش وەک هەر بابەتێک لە بابەتەکانی تری ناو جیهانی ئیسلامەتی، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرکەوت. بەو ناسنامەی کە بریتی بێت لە پاککردنەوەی دەروون و ناخ و دەردە دەروونییەکانی وەک خۆبەزلزانین و ئیرەیی و ڕق ...هتد، بۆ نموونە ئاماژە بەم حەدیسە دەکەن: «لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر»(٤) ئەمەش بە جۆرێک توخنی ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە و گەر ناوی زانستی لێ بنرێت، ئەوە زانستێکی کردارییە نەوەک هەر دەقی تیۆری بێت، بە واتا تەنیا ئێزێک نییە لە وانە و کتێب بخرێتە ڕوو، بێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری ژیانی واقیع هەبێت.

ئەمەی باسکرا وە نەبێت، هەر وەسفێکی دووراودوور بێت، بەڵکو ڕۆڵی بیری و باوەڕی تەسەووفی ئیسلامی کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ئاستی جیهانی لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە هۆی تەسەووفەوە هەر لە هیندستان ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا تا قەوقاز و تا دەگاتە ئەورووپا، لەلایەک و لەلایەکی تر ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقیا بە هۆی تەریقەتەکانی سۆفیانییەوە ئیسلامەتیان گەیشتۆتێ(٤). وەک چۆن بانگەوازی دینی ئیسلامی لەمڕۆی ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی تر، هی ئەوە نەماوە قسە لە فتووحات بکرێ.

هەرچەندە لە کوردستان لە سانەوەختی فتووحات بە هەر جۆرێک بێت زۆرینە چوونە ناو ئیسلامەتییەوە، وەک دینێکی نوێ، بەڵام ئەم ڕۆحانییەتە عیرفانییەی

پێشتر هەبووە، کورد بە جۆرێکی تر ڕێی لەناو ئەم دینە نوێیە دۆزیەوە. بە جۆرێک پێشتر ئەدەبیاتی ویژدانی و ڕۆحانی بووە پێشینەیەک بۆ ئەوەی لەناو ئەم هەموو ئاراستە و ململانێیەی ناو گرووپ و مەزهەب و فیرقەکانی ئیسلامی هەی بوو، بە شێوەیەکی گشتی زۆرێکی کورد هەستێکی سۆفیانەی بەسەردا زاڵ بوو. ناوی گەیلان وەک زێدی شێخ عەبدولقادر لە زەینی تاکی کورد نامۆ نییە، ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ ئەدەبیاتی بابا تایەری هەمەدانی و ڕێبازە چاکسازییەکی مەولانا خالیدی شارەزووری، چی ناو و ناوچەکانی تری دواتر هەریەکەیان خشتێکی سەر ئەم بینایە ماریفەتیەی کوردبوون. نامانەوێ لەوە پتر درێژدادڕی بکەین لەسەر ئەم باسە، بەڵکو دەمانەوێ لەم سۆنگەیەوە بڕوانین ئایا تا چەند تەسەووف و تەکیە و خانەقاکان ڕۆڵی ئەرێنیان بەسەر ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە. هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە لە هیچ کات و شوێنێک نەبووە، ڕۆڵی نەرێنی و بەدفرسەتی نەبینراوە بۆ بەدسوودی.

### کورد و تەریقەت

ئەوەی دیار بێت لە کۆمەڵگەی کوردی، کۆنترین تەریقەت؛ تەریقەتی نووربەخشییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەید محەمەدی نووربەخش، کە زۆربەی شێخانی کورد بە تایبەت بەرزنجییەکان لە نەوەی سەید عیسای بەرزنجەوە تا دەگاتە شێخ بابە ڕەسووڵی گەورە سەر بەم تەریقەتە بوون. ئەڵبەت شێخی نووربەخش تەریقەتی لە شێخ ئیسحاقی خەتلانی وەرگرتووە کە ناوبراو لە موریدانی سەید عەلی هەمەدانی(٥). ئەڵبەت باوە گەورەی ساداتی بەرزنجەیە.

شێخ بابە ڕەسووڵ دوای تەواوکردنی سەیر و سلووک بەپێی تەریقەتی نووربەخشی، تەریقەتی عەلەوی وەرگرتووە لەسەر دەستی هەریەکە لە شێخ نورەڵڵا و شێخ شوکرەڵڵای خەلوەتی، بەمەش موریدانی ئیرشادکردووە بۆ هەر دوو جۆری ئەوراد. بەمەش لەو سەردەمەوە تا دەگاتە شێخ مارفی نۆدێ، ئەم دوو تەریقەتە لەم ناوچەیە بە گشتی بەربڵاوبوونە. تا ئەوەی شێخ ئیسماعیلی ولیانی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ کوڕی سەید عەلی وەندەرینی کوڕی شێخ بابە ڕەسووڵی گەورە دەردەکەوێ. کە سەرەتا قورئان و نەحو و سەرف و فیقهـ و زانستە ئیسلامییەکانی تری لای باوکی و هەندێ زانای ئەو سەردەمە خوێندووە، ئینجا تەریقەتی نووربەخشی و عەلەوی لە باوکی وەرگرتووە(٦). دەستی بە سیاحەت و گەڕانی سۆفیانە زاهیدانە کرد.

لەم گەڕانەیدا ڕێی دەکەوێتە بەغدا، لەو ساتە کانگەی تەریقەتی قادری بووە، دەچێتە زیارەتی شێخ ئەحمەدی ئەحسائی، لە مورشیدانی تەریقەتی قادری

> ”ئەوەی دیار بێت لە کۆمەڵگەی کوردی، کۆنترین تەریقەت؛ تەریقەتی نووربەخشییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەید محەمەدی نووربەخش“

بووە، شێخی ولیانی بەیعەتی پێ دەدا لەسەر دەستی وی سلووکی تەریقەتی قادری وەردەگرێت. دوای چەندان چلە خەڵوەت کێشان و پەرستن و پەروەردەی ڕۆحی، دەگەڕێتەوە کوردستان بە تەریقەتی قادرییەوە، کە تا ئەو ساکە زۆر کوردستان پێی ئاشنا نەبووە. لە گوندی قازانقایەی قەرەداغ دەبێت، بە هاوڕێیەتی شێخ مستەفا خۆشناو ناسراو بە شامی، دواتر وەک ئیجازەداری ولیانی دەگەڕێتەوە ناوچەی خۆشناوەتی و کۆیە، خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە و دواتر

ڕوودەکاتە شام بۆیە بە ناوی شامی ناسراوە. بەڵام شێخی ولیانی دواتر ڕوودەکاتە ئاکرێ و دوای ماوەیەک ئیرشاد و سەیر و سلووک، لە هەموو لایەکەوە خەڵک ڕووی تێدەکەن، چەندان مورید و مامۆستا و مەلا و خەلیفەی پەروەردە دەکات، لەوێ وەفات دەکا و مەزارەکەی لە گوندی ڕیوێ/ڕیڤێ(٧) ئێستا بۆتە ناحیە بە ڕووڤیا ناسراوە. بەمەش زۆربەی تەریقەتی قادری لەم زنجیرەوە بڵاوبۆتەوە، جگە لە تەریقەتی قادری تاڵەبانی، کە شێخانی تاڵەبانی لە شێخ ئەحمەدی لاهووری وەریانگرتووە. هەرچۆنێک بێت ئەم تەریقەتە لە کوردستان سەدان تەکییەی

**خانەقاکان و تەکییەکان، لە بنەڕەتدا بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون. بۆیە لەناو کەلەپووری کۆنی ئیسلامەتیش دا، ئەم ڕەوتە هەمان ڕۆڵ دەگێڕێن**

هەبووە ئێستاش هەندێکیان ماون و کاریگەریی خۆیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە.

هەرچی وشەی خانەقایە بەستراوەتەوە بە تەریقەتی نەقشبەندی، کە لە کوردستاندا لە ڕێی مەولانا خالیدی شارەزوورییەوە بڵاوبۆتەوە. مەولانا لە قەرەداغ لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە چووەتە بەر خوێندنی حوجرە و زانستە دینییەکان. دواتر شارەوشار گەڕاوە، لە سلێمانیەوە تا سنە، لەسەر دەستی چەندان زانای دینی ناوداریی ئەو سەردەمە، دواجار ئیجازەی مەلایەتی لە شێخ قەسیمی مەردۆخی سنەیی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی و مەلایەتی دەکات. ئینجا بۆ سەفەری حەج بە ڕێی شام دەچێتە خاکی حیجاز لەو سەفەرەیدا چەندان کەسی عیلم و عیرفان دەناسێت، دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا، موریدێکی شا عەبدوڵڵای دیهلەوی دەناسێت و ئاشنا دەبن، باس و خواسی شێخی دیهلەوی مەولانا پەلکێشی هیندستان دەکات، لە ڕێگە بە لای بوستام و ئارامگەی شێخ ئەبایەزید و مەزاری ئیمام ڕەزا لە تووس، کاروانی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە لاهوور و دواجار خزمەتی دیهلەوی. هێندە پێی سەرسام دەبێت ماوەی چەندان مانگ دەمێنێتەوە، تا ئیجازەی هەر پێنج تەریقەتی ناوداری ئەوسەردەمە وەردەگرێت: قادری، نەقشبەندی، سوهرەوەردی، کوبرەوی و چەشتی. بەڕێز و کەژاوەوە بەڕێ دەکرێ بۆ کوردستان. بەڵام لە ڕێی بەغداوە لەسەر داوای مورشیدەکەی پێنج مانگ لە بارەگای گەیلانی دەمێنێتەوە. بە جۆرێک ناوبانگ پەیدا دەکا لە ماوەیەکی کەم دەیان و سەدان موریدی و مەنسووب و مەحسووبی دەبێت، ناودارترینیان فەقێیەکی گەریدە بووە بە ناوی فەقێ عوسمان، کە دواجار شێخ عوسمان سیراجەدینی تەوێڵەی لێ دەردەچێت. ئەم ناوبانگەی بەخێر بۆ ناگەڕێتەوە، بۆیە لەپێناو خۆپارێزی ڕوودەکاتە بەغدا و لە مەدرسەی ئەحسائیە دەمێنێتەوە، دواتر بە تەکییەی خالیدی دەناسرێ. دوای گۆڕانی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە سلێمانی.. بەڵام دواجار دۆخەکە بە دڵی نابێت، دوای سەفەرێکی بۆ هەورامان و لەوێوە بۆ بەغدا و دوا سەفەری بۆ شام دەبێت و لەوێ سەردەنێتەوە(٨). لە شێخ عەبدوڵڵای هەراتی خەلیفەی و شێخی سیراجەدین و چەندان خەلیفە و شێخانی تری مونەمەسیک دەیان خانەقا دەکەوێتەوە و شوێن پەنجەیان تا ئەمڕۆش لە کوردستاندا دیارە.

### کاروباری کۆمەڵگەیی

ڕۆڵی تەکییە و خانەقا هەر تەنیا بۆ پەرستنێکی

وشـكە دیندارییـی نەبـووە، بەڵکـو توخنـی زۆر لایەنـی ژیانـی کۆمەڵگـە کەوتـووە، ئـەوەی ئێمـە دەمانـەوێ ئاماژەی بدەینـێ، ئـەم لایەنـە ئەرێنیانـەن کـەوا سـوودی گشـتی هەبـووە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەنـد سـەردانێکمان ڕێکخسـت بـۆ ئێبینیـی بەشـداری (الملاحظـة بالمشـارکة) بـۆ چەنـد تەکییـە و خانەقـا لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە دهـۆک و ئاکـرێ و هەولێـر و سـلێمانی و شـارەزوور. بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەم تێبینیانەمـان لـەلا گەڵاڵـە بـوون، هـاوکات لەگـەڵ دواندنـی پیـرە بەسـاڵاچووەکان، ئـەم زانیارییانەمـان دەسـتکەوتن کـەوا تێکهەڵکێشـمان کـردوون لەگـەڵ زانیاریـی پێشـووتر.

### ١. ڕۆڵی فێرکردن و پێگەیاندن:

زانسـت و فێربـوون ڕۆڵـی گرنگیـان لـە تەسـەووف هەیـە، وەک چـۆن خـودی تەسـەووف وەک زانسـت خـۆی دەناسـێنێ. گەرچـی لـە ڕوواڵەتـدا لـە زۆر شـوێن سـۆفیگەران خـۆ دەبیننـەوە لـە کەسـانی سـاویلکە و نەخوێنـدەوار. بـەڵام لەنـاو ئەهلـی تەسـەووف، دەیـان زانـا و زمانـەوان و فەقیهـ و کەلامنـاس و فەلەکنـاس ... هتـد هەڵکەوتـوون. لـە سـاتەوەختی دەرکەوتنـی تەکییـە و خانەقـاکان چەنـدان شاعیر و زمانەوانـی کـورد دەرکەوتـوون(٩). بگـرە تەنانـەت سـەرکردە و پێشـەوای سیاسـییش. بـە جۆرێـک دەگمەنـە هەڵکەوتوویەکـی کـورد بدۆزینـەوە لـە ئەهلـی تەریقـەت نەبووبـێ، ئەمـە مانـای وایـە کـەوا سـۆفیانییەکەیان ڕێگریان نەبووە لە پێشـکەوتن و هەڵکەوتنیـان. بەڵکـو پتر بایەخیـان داوەتـێ، پاڵپشـتی لایەنـی زانسـت و زانیاریـی بـوون. ئەمـەش خـۆی لـە هۆشـیارییەکی بـاڵای کۆمەڵایەتـی دەبینێتـەوە.

### ٢. هەوڵ و تێکۆشان:

خانەقـاکان و تەکییـەکان، لـە بنەڕەتـدا بـۆ چاکسـازیی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بـوون. بۆیـە لەنـاو کەلەپووری کۆنـی ئیسـلامەتیش دا، ئەم ڕەوتـە هەمان ڕۆڵ دەگێڕێن، ڕۆڵـی جموجـۆڵ و ئیسـلاح و جیهاد، چونکـە وەک کار و تەقـەلا سـەیری تەسـەووفیان کـردووە، نـەوەک وەسـتان و وچـان. گـەر سـەیری زۆرێکـی زاهیـد و سـۆفیان بکەیـت ڕەچەڵەکـی دینیـان دەگەڕێننـەوە ئـەو نەوەیـەی یەکەمـی ئیسـلامەتی کـەوا کەسـایەتی وەک عەلـی و ئەبـوزەڕی غەفـاری تێدابـوون وەک لایەنگرانـی شۆڕشـی چاکسـازیی لـە ئیسـلام، هەروەهـا ئـەو تابعییانـەی وەک حەسـەنی بەسـری و وەیسـی قەرەنـی و ئەبـو موسـلیمی خەولانـی.. کـەوا جێ پەنجەیـان لـەم مەیدانـە دیـارە. تـا دەگاتـە سـەردەمی سـەلاحەدینی ئەیووبـی کـەوا خـۆی خانـەی سـۆفیانی دامەزراندووە، سـۆفییەکانیش بەشـداریی بەرپەرچـی هێرشـەکانی خاچییـان کـردووە.

لـە زۆربـەی پارچەکانـی کوردسـتان، دەگمەنـە شۆڕشـێکی کـورد، شـێخێکی ئەهلـی تەریقـەت ڕابەرایەتـی نەکردبـێ، هـەر لـە شـێخی پیـران و شـێخی نەهـری تـا دەگاتـە شـێخ مەحمـوودی حەفیـد(١٠)، ڕەنگـە زیادەڕۆیـی نەبـێ گـەر بڵێیـن، سـەرخەتمەی شـۆڕش و شـێخایەتی لە شـێخ مەحمـوود کۆتایـی دێـت. هەرچەنـدە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد هەریەکەیـان لـە نـەوەی شـێخانی بـارزان و تاڵەبـان بـوون، بـەڵام خەریکـی تەسـەووف نەبـوون و شـێخایەتیان نەکـردووە.

### ٣. ڕۆڵی دەروونی:

شـێخی مەحاسـبی دەڵـێ: ئەهلـی تەسـەووف بـە فەزڵـی حیکمەتـی ئیلاهـی، نیگایـان خسـتۆتە سـەر ئـەو ناوچانـەی چارەسـەر و دەوای لـێ گەشـە دەکات. خـوا فێریکـردوون چـۆن دەوا چـارەی دەرد دەکات، ئەوانیـش بـە چارەسـەری دڵـی خۆیـان دەسـتیان پێکرد و ئینجـا بوونـە دڵنەوایـی دەردەداران و دڵتەنـگان. یانـی ئەمـە گـەر بڵێیـن داودەرمانـی تاقیکـراوەی سـەر خۆیانە قسـەیەکی ناماقووڵ نییـە. بۆیـە بـەلای جونێدی بەغـدادی تەسـەووف لـە گوتەگـوت (قیـل و قـال) وەرنەگیـراوە، بەڵکـو لـە خۆڕاهێنانـەوە هاتـووە(١١). ئـەم چەشـنە کارکردنـەی تەسـەووف، نـەک هـەر بـە سـوودی گشـتی دیـن و ژینـە، بەڵکو سـۆفیگەران دەکاتـە جۆرێـک لـە دەروونناس و چارەکاری دۆخـە ناهەمـوارە دەروونییـەکان.

ڕێکخسـتنەوەی کۆمەڵگـە لە ئاکی دەروون دەرووسـتەوە، کۆمەڵگەیەکـی هێمـن دەخاتـەوە. زۆرێکـی ئەهلـی

تەسەووف جەخت لەوە دەکەنەوە ئەرکی سۆفیگەرییە لەم سەردەمە پڕ ئاشووبە ئاشتی و ئاشتەوایی بخاتەوە(١٢). ئینجا ئەمەش پێویستی بە ڕاهێنان و هەر ئاوا ئاسان نییە مرۆڤ دەروونێکی ئاسوودە بە دەست بهێنێت، تا دەروونی ئەوانی تری پێ ڕابهێنێت، بەڵکو ئەمە دەچێتە بەشێک لەو چالاکییانەی ئەمڕۆ بە ناوی گەشەپێدانی مرۆیی و ڕاهێنانی دەروونییەوە وەک مەشق بە بەشدارانی دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی زۆرێک لەو حاڵەتە دەروونییە نادرووستانەی لە کۆندا هەبوون، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەهێنرانە تەکییە و خانەقاکان بۆ چارەسەری ئەم دۆخەی تێی کەوتبوون.

> ڕۆڵێکی تەکیە و خانەقاکان بریتیی بووە لە شوێنگرتنەوەی دامەزراوەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و لانەی کەسانی لانەواز

### ٤- چاکسازیی کۆمەڵگەیی:

ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەهلی تەسەووف لە تکاکاریی و نێوەندگیری و پێداویستییەکانی خەڵک لەلای کاربەدەستان و دەسەڵاتداران، جێی بایەخی خۆیەتی. هەروەها لە سوڵح و ئاشتەوایی نێوان خەڵک لەلایەک و نێوان دەسەڵاتدار و خەڵک لەلایەکی تر جێی بایەخی خۆیەتی. ئەڵبەت ئەوەمان بیرنەچێ، ئەمە لە ڕووی دینییەوە لە خانەی (فان تنازعتم في شيء فردوه الى الله والرسول...)، وەک ڕۆڵی ئامۆژگارانەی دین. نەوەک ئەوەی بە دەوری دەسەڵاتەوە بن، یاخوا ملکەچی کاربەدەست بن چەندێک قووتی خەڵک بخوات و ئەشکەنجەیان بدات، تەنانەت نامووسیان ئەتک بکات(١٣). خۆ گەر دین ئامۆژگاری بێت، ئەوە ئەولاتر دەسترۆیشتووان ئامۆژگاریی لێ وەربگرن. ئەمە خۆی پابەندبوونێکی خۆویستی خەڵک دەخاتەوە. لە کتێبەکانی تەسەووف هاتووە وشەی (تصوف) چەند پیتێکە یەکێکیان (ص) لە (صلاح)ەوە هاتووە. واتە وەک کۆڵەگەی سەرەکی تەسەووف. بەمەش تەسەووف هەڵاتن و ڕاکردن نییە لە کۆمەڵگە، بەڵکو چاکسازیکردنیەتی، هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی لە ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی ململانێ و کێشمەکێشم و دەمارگیری خێڵایەتی و کێبڕکێی دەسەڵات. کاری ئەهلی تەسەووفە ڕۆڵی دیار بگێڕن هەم لە ئامۆژگارییکردنی دەسەڵات و هەم ڕاهێنانی ئەوان و خەڵک لەسەر چاکسازیی.

### ٥- چاودێریی کۆمەڵایەتی:

لە کۆندا دامەزراوەکانی دەوڵەت وەک ئێستا نەبووە، ئەمە زانیارییەک نییە سەلماندنی بوویت، بەڵکو پەنا و پەسیوی نارەسمی شوێنی زۆرێکی دامەزراوەکانی گرتبۆوە. یەکێکیش لەمانە تەکییە و خانەقاکان بوونە. بە شێوەیەک تەنیا چڕنەبووەوە لە زیکر و ئەوراد، ئەم شوێنانەش تەنیا خانە و پەرستگەی وشکی پەرستن نەبوون. وەک چۆن ڕۆڵی تریانمان ئاماژە پێدان، ڕۆڵێکی تری گرنگی کۆمەڵگەیان هەبووە. ڕۆڵێکی تریش بریتیی بووە لە شوێنگرتنەوەی دامەزراوەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و لانەی کەسانی لانەواز و کەمەندام و ..هتد.

لەناو تەکییە و خانەقادا داڵان و وەتاخی تایبەت هەبووە بۆ کەسانی ڕێبوار و ڕێگیراو وەک موسافیرخانەیەکی بێ بەرامبەر بووە، وەک ماڵێک وا بووە کەوا چوونە ژوورەوەی ڕوخسەتی نەویستووە. نەک هەر ئەمە؛ بەڵکو تا ئێستاش لە چەندان تەکییە و خانەقا خواردنی سێ ژەمە پێشکەشی کەسانی نەدار

و لـەو جۆرانـە دەکـرێ کـە باسـمان کـردوون. مانـەوە لـەم جـۆرە شـوێنانە وەک خانەیەکـی سۆشـیاڵ وابـووە. ئەڵبـەت نـەک هـەر ئەمـە، زۆر کەسـانی کەمەنـدام و بێکـەس و دەربـەدەر لـەم شـوێنانە حەوێندراونەتـەوە، وەک خانـەی بێسەرپەرشـتان بـووە(١٤). ئەڵبـەت ئەمـە خاڵێکـی ئەرێنـی ئـەم سـەردەمە بـووە کـەوا گـەر ئـەم شوێنانە نەبان، بـە تایبـەت لەنـاو شـارە گـەورەکان دوور نەبـووە کەسـانی لادەر و سەرشـەقام پتـر بوونایـە. ئەمـە جگـە لـەوەی لەگـەڵ ئـەم سـەردەمەی پێشـکەوتنەدا زۆرێکـی ئـەم تەکییـە و خانەقایانـە کـەم تـا زۆر ئـەم نەریتەیـان تێـدا مـاوە.

**ئەنجام**

هەرچەنـد ئـەو کورتـە باسـە تـا ئەندازەیـەک دەکـرێ لـە هـەر باسـێکی نـاوی، چەنـدان باسـی تـری لێـوە ببێنـەوە. بـەڵام لەبـەر خۆبـواردن لـە درێژبونـەوەی، ئاماژەمـان بـەو لایەنـە گشـتیانە کـرد، کـە بـە پێویسـتمان زانیـوە. بـە شـێوەیەکی گشـتی چەنـدان بارودۆخـی مـادی و مەعنـەوی کۆمەڵـگە پێـش بکەوێـت، هێنـدە دامـەزراوە ڕەسـمییەکان، شـوێن بـە دامـەزراوە نارەسـمییەکان لێژدەکـەن. لەمـەدا تەکییـە و خانەقاکانیـش پشـکیان هەیـە، گـەر جـاران لایەکـی گرنگـی ژیانـی کۆمەڵگەیـان پڕکردبێتـەوە. بـەڵام بەشـێکی زۆری ئـەم لایەنانـە کەوتۆتـە دامـەزراوەی تـری کۆمەڵـگە.

لەگـەڵ ئـەوەی کـورد بـە کەلەپوورێکـی بـاڵای دینـی و عیرفانـی دەوڵەمەنـدە، بـەڵام لـە دۆخـی ئێسـتادا تـا ئەندازەیەکـی بەرچـاو، کاریگەریـی ئـەم کەلەپـوورە کەلتوورییـە کاڵـە لەسـەر کایـەی دینـی و کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـە، ئەڵبـەت ئەمـە جگـە لـەوەی هـۆکار و پاڵنـەری خـۆی هەیـە لـە لایـەک، لەلایەکـی تریشـەوە، بـۆ شـوێنگرتنەوەی ئـەم ڕەوتـە عیرفانییـە، چەنـدان تـەوژم و ئاراسـتەی جیاجیـا لـە دەرەوەی کۆمەڵـگەی کوردییـەوە هـاوردە کـراوە، کـە تـەواو نامۆیـە بـە کۆمەڵگـە، نـەک تەنیـا لـە ڕووی دینییـەوە، بەڵکـو لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و کەلتووریشـەوە نامـۆن.

ئەڵبـەت کـە باسـی ئـەم وێسـتگە ئەرێنیانەی تەسـەووف و سۆفیگەریی و ڕۆڵـی تەکییـە و خانەقاکانمـان کـرد. ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە، کـە هیـچ خاڵێکیـان نەهێشـتۆتەوە بـۆ ڕەخنەگرتـن. بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە، لـە ڕووی بیرکردنـەوە و کرداریـیـەوە، تەکییـە و خانەقـاکان و شـێخ و شـێخایەتی وەک هـەر دامەزراوەیەکـی تـری نـاو کۆمەڵـگەی کـوردی، بـە هـەردوو ئاراسـتەی ئەرێنـی و نەرێنـی ڕۆڵـی کۆمەڵایەتییـان هەیـە و هەبـووە. بـەڵام ئەمـە بـۆ توێژەرێکـی تـر یاخـود توێژینەوەیەکـی تـر جێدێڵیـن کـەوا خـۆی لـە قـەرەی بـدات.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(١) مسلم (٥٠)

(٢) سورەتی جومعە:٢.

(٣) مسلم (٩١)، والترمذي (١٩٩٩)، وابو داود (٤٠٩١)، وابن ماجة (٥٩).

(٤) السقاف، السيد حسن، السلفية الوهابية، افكارها الرئيسية وجذورها التاريخية، دار الامام الرواس، بدون سنة الطبع. ص١٧.

(٥) مجموعة المؤلفين (٢٠٠٥)، دائرة المعارف الاسلامية، الطبعة الثانية، شركة بريل الهولندية. ج٢٢، ل٤٩١.

(٦) الشكر، مجيد حميد(٢٠٠٨)، في رحاب سادات برزنجة الكرام، مجلة الكسنزان، رئاسة الطريقة العلية القادرية الكسنزانية، العدد٦، خريف، ص١١٢.

(٧) الخال، الشيخ محمد(١٩٦١)، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ص٨٧.

(٨) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم(٢٠١١)، یادی مەردان، بەرگی یەکەم: مەولانا خالیدی نەقشبەندی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق، ل٩-٣٨.

(٩) ئیبراهیم، زانیار(٢٠١٨)، خانەقا و مەدرەسەی بیارە سەرچاوەی زانست و خوێندن، سایتی خورماڵ نیوز. میدیایەکی سەربەخۆیە، خورماڵ.

blog-/٠٢/٢٠١٨/https://www.khurmalnews.com html.١٩_post

(١٠) الفضالة، الدكتور صالح حسن(٢٠١٢)، الجوهر العفيف في معرفة النسب النبوي الشريف، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٤٠٠

(١١) القشيري، الامام ابي القاسم عبدالكريم، الرسالة القشيرية في علم التصوف، دار الكتب العربي، ٢٠٠٣. ص٢٢.

(١٢) الطائف، محمد و ابوبكر، الدكتور(٢٠١٧)، دور التصوف في الأمن والسلام الاجتماعي، مجلسة القسم العربي، جامعة بنجاب، لاهور- باكستان، العدد الرابع والعشرون، ص ٢٦٣.

(١٣) الآجري، الإمام المحدث ابي بكر محمد بن الحسين(١٩٩٩)، كتاب الشريعة، ج١، دراسة وتحقيق: د. عبدالله بن عمر الدميجي، ط:٢، دار الوطن، الرياض، ص٣٨٠.

(١٤) احمد، مامۆستا یاسین(٢٠١٧)، ژیانی کەسایەتی ناوداری کورد سەید ئەحمەدی خانەقا، ماڵپەڕی کوردزۆن، ڕێکخراوی کوردزۆن بۆ ڕۆشنبیری و زانست.

١٢_١٤٢٩_https://www.kurdzone.net/Topic

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS